# Role and Position of Safavid Women in Persian Sources

Shwan Rasul Abdalla[1], Shwan Shexa Qarani[2]
Ministry of Education-General Directorate of Raparin Education - Raparin Education

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.37*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*This research discusses the role and position of women in the Safavid era, as well as shows the position and rank of women in different fields. It is worth mentioning that women in the Safavid period were subject to the authority of men as in previous periods and were sometimes participated in different spheres of political and administrative life by their orders. However, in reality, in Safavid Iranian society, women were not properly served and cared for. They were used less in political affairs and state duties, more in household duties, child rearing and social relations were entrusted with it, both during the Safavid period and in earlier periods After this, Iranian women were viewed more as prisoners and housewives than as active, allowed and independent women in general, it was less developed. Women were generally divided into different classes within the social division of Safavid society, such as women of kings, royal families, servants, prostitutes, prostitutes and dancers, tribal women owner, etc.), in addition to Life of women in Safavid society in general, women had their own duties and activities in the harem Sara, such as serving the harem, the king and the royal court, and spending their time and entertainment in the harem Sara Their position in the marriage process, their dress and relationships and their struggle within the sanctuary shows their most prominent duties and activities in general during the Safavid period.*

***Keyword***: *Woman, Harem Sara, Safavid, Social*

## (( ڕۆڵ و پێگەی ژنانی سەفەوی لە سەرچاوە فارسییەکاندا ١٥٠١-١٧٢٣))

م.ی. شوان رسول عبدالله[١] / و. پەروەردە/ ب. گ. پ. ڕاپەڕین. بەڕێوەبەریەتی پەروەردەی ڕانیە shwan.mezhu.1986@gmail.com

م.ی. شوان شێخە قەرەنی[٢] / و. پەروەردە/ ب. گ. پ. ڕاپەڕین. بەڕێوەبەریەتی پەروەردەی ڕانیە shwan.shekha@uor.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوە بریتییە لە باسکردنی ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە سەردەمی سەفەویدا، هەروەها پێگە و پلە و پایەی ژنان لە بوارە جیاوازەکاندا نیشاندەدا. جێگەی باسە، ژنان لە سەردەمی سەفەویدا وەک سەردەمانی پێشوو کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی پیاوان و هەر بە فەرمانی ئەوان جارجار بەشداریانپێکراوە لە کایە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی و کارگێری. بەڵام لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگەی ئێرانی ئەوسای سەفەوی وەک پێویست ژن ڕۆڵی پێنەدراوە و کەمتر دەرفەتی بەشداربوونیان لە کاروباری سیاسی و دەوڵەتداری بۆ ڕەخساوە. زیاتر ئەرکی ماڵداری و پەروەردەکردنی منداڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەیان پێسپێردرا بوو، چ لە سەردەمی سەفەوی و سەردەمانی پێشوتر و دوای ئەمیش هەروابووە، ژنانی ئێرانی زیاتر وەک ژێردەستەیەک سەیردەکران و زیاتر ژنی ماڵەوە بووە نەک ژنێکی چالاک و ڕێگەپێدراو و سەربەست بە شێوە گشتیەکەی، کەم وابووە بەرەوپێشەوچوون بەخۆیەوە ببینێت.

ژنان بە گشتی لە چوارچێوەی پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی سەفەویدا بەسەر چینە جیاوازەکاندا دابەش بووبوون، وەک، (ژنانی شا و خاو و خێزانی بنەماڵەی شا، ژنانی خزمەتکار، سیغەیی، لەشفرۆش و سەماکار، ژنانی عەشایەر و خاوەن پیشە و ... هتد)، جیا لە ژیانی ژنانی کۆمەڵگەی سەفەوی بە گشتی، ژنانی ناو حەرەمسەراش پۆلێنکرابوون بە سەر چەند چینێک، ژنان لە ناو حەرەمسەراشدا ئەرک و چالاکی تایبەت بە خۆیان هەبووە، لە بابەتی وەک خزمەتکردنی حەرەم و شا و دەرباری شایەتی و بەسەربردنی کات و سەرگەرمییەکانیان لە ناو حەرەمەدا، هەروەها پێگەی ئەوان لە پرۆسەی هاوسەرگیری و شێوازی لەبەرکردنی جلوبەرگ و پەیوەندی و ململانێیان لە ناو حەرەمسەرادا لە دیارترین ئەرک و چالاکی ئەوان بە گشتی لە سەردەمی سەفەویدا نیشاندەدات.

**وشە کلیل: ( ژن، حەرەمسەرا، سەفەوی، کۆمەڵایەتی)**

**پێشەکی:**

بە چاوخشاندن بە مێژووی ئێراندا، دەبینین، کە دروستبوونی دەوڵەتی سەفەوی بە یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی ئەو وڵاتە لە قەڵەمدەدرێت، لە هێنانەکایەی یەکگرتووییەکی سیاسی و نەتەوەیی و دروستبوونی دەوڵەتێکی شیعەی تۆکمە، کە توانی سەرجەم ڕێکخستنە سیاسی و سەربازی و ئایینیەکان لە چوارچێوەی خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتی بهێنێتەئاراوە. بە سەرنجدان لە مێژووی ئێران تێبینی دەکرێت، کە ژنان پێگە و ڕۆڵ و شوێنی تایبەتی خۆیان هەبووە، هەرچەند بە پێی هەلومەرجی سیاسی، سەربازی، کۆمەڵایەتی و کلتوری دەوڵەتی سەفەوی توانیویانە سەنگ و هێزی خۆیان نیشانبدەن.

**گرنگی ئەم توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بەدواداچوونێکی ورد کراوە بۆ ناساندنی پێگە و شوێنی ژنان لە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی تری پەیوەست بە ژیان و گوزەرانیان لە دەوڵەتی سەفەویدا.

**ئامانج لەم توێژینەوەیە:** دەرخستنی وردەکاریەکی زانستیانەیە لەبارەی ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەی سەفەوی، هەروەها توانا و ڕۆڵەی ئەوان لە بوارە جیاجیاکاندا نیشاندەدا.

**پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە:** (پێگە و شوێنی ژنانی سەفەوی لە کوێی کۆمەڵگەی سەفەویدا جێگەی بووەتەوە؟ بەشداری چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنان چۆن بووە؟ کار و چالاکی و پەیوەندی و ململانێی ژنان لە ناو حەرەمسەرا و دەرەوەی حەرەمسەرا لە چ ئاستێکدابووە؟).

**میتودی توێژینەوەکە:** پشتی بەستوە بە میتودی مێژوویی و شیکاری بابەتەکانی پەیوەست بە ڕۆڵ و چالاکی ژنان لە سەردەمی سەفەویدا.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە چەند بابەتێک، لەوانە: پێشەکی و دەروازەی توێژینەوەکە، کە ئاماژە بە چۆنیەتی دروستبوونی دەوڵەتی سەفەوی کراوە، هەروەها پێکهاتەی تری توێژینەوەکە بریتین لە: ژنان لە سەردەمی سەفەویدا، حەرەمسەرا، پۆلێن کردنی ژنان لە سەردەمی سەفەویدا، پەیوەندی و ململانێی ژنان لە ناو حەرەمسەرادا، ژنان لە کایەی سیاسی، پێگەی ژنان و کچانی سەفەوی لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا، جلوبەرگی ژنانی سەفەوی، ئەرک و چالاکی ژنانی سەفەوی).

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:** بێگومان هیچ توێژینەوەیەک بێ ئاریشە و گرفت نابێت، هەرچەندە پشت بەستراوە بە سەرچاوەی گەشتنامەکان و هەندێک سەرچاوەی تری فارسی، کە باسیان لە ڕۆڵ و پێگەی ژن کردوە، بەڵام هەندێک جار کەمی سەرچاوەی باوەڕپێکراو لەبارەی ناوەڕۆکی ناونیشانەکە دووچاری کێشەت دەکاتەوە، چونکە ئەو بوارە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە و پێویستی بە شیکردنەوەی زیاتر هەیە، ئەمەش گرفت دەخاتە بەردەم توێژەران، بۆ ئەم مەبەستە دوای گەڕانی زۆر و دەستکەوتنی چەندین سەرچاوەی پڕ بایەخ، کە باسیان لەم قۆناغە گرنگەی مێژووی ئێران کردوە، بەشێک لەم گرفتانە چارەسەر بوون.

**شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان:** بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە سود لە سەرچاوەی جۆراوجۆری وەک: گەشتنامەکان لەوانە: گەشتنامەی آدام اولئاریوس (سفرنامه آدم اولئاریوس/ ایران عصر صفوی از نگاه یک آلمانی) ، سانسون (سفرنامه سانسون/ وضع کشور شاهنشاهی ایران در زمان شاه سلیمان صفوی)، شاردن (سیاحتنامەی شاردن/ )، کمپفر(سفرنامه کمپفر) و... هتد) وەرگیراوە، ئەو سەرچاوانە پڕ بایەخن و کۆمەکی گەورەیان بە توێژینەوەکە کردوە، چونکە بەشێک لەو گەشتیارە بیانیانە بە ئامانجی هەمەجۆر سەردانی ئێرانیان کردوە و بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەرکەوتەیان لەگەڵ دەسەڵاتداران و خەڵکی ئاسایی هەبووە، لەم بارەیەوە زانیاری و ئاماژەی بەکەڵکیان بۆ تۆمارکردووین. هەروەها سوود لە چەند سەرچاوەی تری فارسیش وەرگیراوە، لێرەدا خراونەتە بەردەست و توێژینەوەکەیان دەوڵەمەندتر کردوە، وەک: (عبدالمجید شجاع/ زن، سیاست و حرمسرا در عصر صفویه)، (عباسقلی غفاری فرد/ زن در تاریخ نگاری صفویه)، (بنفشه حجازی/ ضعیفه بررسی جایگاه زن ایرانی در عصر صفوی)، (میترا مهر آبادی/ زن ایرانی به روایت تاریخ نویسان فرهنگی).

**دەروازە: کورتەیەک لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی سەفەوی:**

دروستبوونی دەوڵەتی سەفەوی بە یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی ئێران بە تایبەتی و ئاسیای ڕۆژئاوا بە گشتی دادەنرێت، دوای دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام و لەناوچوونی دەوڵەتی ساسانی، ئێران بۆ ماوەی نۆ سەدە لە یەکپارچەیی سیاسی و نەتەوەیی دووربووە (برادران شارلی، ١٣٦٢، ١٢)، بۆیە دەوڵەتی سەفەوی لە زۆر ڕووەوە لە مێژووی ئێرانی دوای هاتنی ئیسلام بە دەوڵەتێکی ناوازە دادەنرێت، لە پرسگەلێکی وەک: پێکهێنانی یەکگرتوویی نەتەوەیی و سیاسی (شجاع، ١٣٨٤، ٩)، هەروەها دانپێدانانی شیعەگەرایی لە یەکپارچەیی خاکی ئێران و فراوانبوونی پەیوەندییەکانی دەرەوە (نصیری،١٣٧٣، ٢٠) و پێشکەوتنی بەرچاو لە بوارەکانی هونەر، بازرگانی و تەلارسازی، دەوڵەتی سەفەوییان لە دەوڵەتەکانی پێشوتر جیاکردۆتەوە (شجاع، ١٣٨٤، ٩). بە دیارکەوتنی بنەماڵەی سەفەوی لە دروستبوونی یەکپارچەیی و یەکریزی نەتەوەیی ئێرانیەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە، کە توانیویانە دەوڵەتێکی بەهێز لە مێژووی نوێ ئێراندا دروستبکەن و کۆتایی بەو سیستەمە دەسەڵاتداریەتیە بهێنن، کەوا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ حومکڕان بووە لەسەر ئێراندا، لەو ڕووەوە گرنگی و ڕۆڵی ئەو یەک ڕیزیە بۆ دامەزرێنەری دەوڵەتەکە دەگەڕێتەوە کە شا ئیسماعیلی (١٥٠١- ١٥٢٤) سەفەوییە، کە توانی بناغە و بنەمای یەکبوونی نەتەوەیی لە سەر بنەڕەتی مەزهەبگەرایی بنیاد بنێت، نەک هەر هەموو ئێران بخاتە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوو، بەڵکو بە هۆی مەزهەبی شیعە توانی هەموو خەڵکی ئێران یەکگرتوو و یەکدەنگ نیشانبدات و بە هەموانی بسەلمێنیت، کە چیتر ناکەونە

ژێر باری هیچ دەوڵەتێکی ترەوە، بەتایبەتی دەوڵەتی عوسمانی سوننە مەزهەب (شکری،١٣٥٠، ١٧).

**١- ژن لە سەردەمی سەفەویدا:**

توێژینەوە لە بارەی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە مێژوودا دەتوانێت، ڕەنگدانەوەی زۆر شت بێت، ڕاستیەکەی ئەوەیە، کە مێژووی کۆمەڵایەتی و شێوازی مامەڵەکردنی هەر دامەزراوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ پرسەکانی کۆمەڵگە و تەنانەت خەڵکی ئەو کۆمەڵگەیەش جیاوازی هەیە، ژن وەک نیوەی ئەندامانی پێکهێنەری کۆمەڵگەیەک هەمیشە لە مێژووی ئێراندا دیاربوون، واتا، لەگەڵ هاتنی هەر دەسەڵاتێکی نوێ لە ماوەی مێژووی سیاسی ئێراندا، پرسی ژنان و چۆنیەتی بەشداریکردنیان لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووریدا جیاواز بووە، هەر بۆ ئەم مەبەستە لەم توێژینەوەیدا بە وردی ڕۆڵ و پێگەی ژنانی سەفەوی لە بوارە جیاوازەکان خراوەتەڕوو، لە پێش ماوەی دەسەڵاتی سیاسی سەفەویشدا جێگەی هەڵویستە لەسەرکردنە، چونکە ژنان ڕۆڵ و پێگەی بەرچاویان هەبووە لە سەرجەم ئەو دەرفەتانەی بۆیان ڕەخساوە و بەگوێرەی پێویست توانای خویان تێدا بەرجەستەکردوە.

بەو پێیەی ژن، لە گۆڕەپانی بەرفراوانی ئەم جیهانەدا هەمیشە وەکو پێکهاتەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، لەهەر شوێنێکی ئەم دونیایە و لە سەرەتای دروستبوونی زەوی و دور لە کات، شوێن، نەژاد، ڕەنگ و ئایین، ئەرکێکی قورسی لە سەر شان بووە، کە منداڵبوون و پەروەردەکردنە، ئەمەش بەشێکە لە ژیانی ژنان، جیا لە ئەرکی هەوڵدان و بەگەڕخستن و بەردەوامیدان لە بەرهەمهێنانی مرۆڤایەتی، لە پێکهاتەی لایەنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی، ژێرخانی ڕۆشنبیری و شارستانیەت و لە بەدیهێنانی باوەر و دابونەریت پێگەی تایبەتی خۆی هەبووە (لاهیجی و مهرانگیزکار، ١٣٧٧، ١).

ژنان شانبەشانی پیاوان ئەرکێکی زۆریان لە سەرشانبووە و هەمیشە ڕۆڵی بەرچاویان لە بەرەوپێش بردن و ڕێکخستنی خێزاندا هەبووە، بەتایبەتی ئەرک و بەرپرسیاریەتی ماڵەوە بەخێوکردنی منداڵ و پەروەردەکردنیان، لەگەڵ ئەوەی ئەرکی هاوسەرداریشیان لە سەرشانبووە، هەرئەمەش وایکردوە کە پێگەی ژن لە کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤایەتی بەو پەڕی باشی وەسفی بۆ بکرێت (حجازی، ١٣٥٧، ١٤٠- ١٤٥). ئەگەرچی لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکاندا و بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی ئێرانی ئەوسای سەفەوی ژنان وەک پێویست خزمەتنەکراون و گرنگیان پێنەدراوە، کەمتر لە کاروباری سیاسی و ئەرکی دەوڵەتداری بەکارهێندراون، زیاتر ئەرکی ماڵداریان

پێسپێردراوە، بەو واتایەی، کە ژنانی ئێرانی زیاتر وەک ژێردەستەیەک سەیردەکران، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە ژنانی ئێرانی لە هەوڵی ئەوەدابوون خۆیان لە هەژموونی دابونەریتی کۆمەڵگە ڕزگاربکەن، بەو هیوایەی کۆتایی بە سەختی و دژواریەکانی ژیانیان بهێنن، لەگەڵ ئەو هەموو دەردەسەری و ناخۆشیانەی ژیانیش، بەڵام ئەوان بەردەوام لە هەوڵدابوونە بۆ باشکردنی ژیان و گوزەرانی خۆیان و خێزانەکانیان (رایس، ١٣٨٣، ٢٨).

**٢- حەرەمسەرا:**

**حەرەمسەرا:** شوێنێکی پیرۆزە، لە زمانی تورکیدا بە واتای کۆشک یان ماڵێکی گەورە دیت، واتا، بە مانای شوێنێک دیت، کە پێچەوانەی دابونەریتی ئایینی و شوێنێکی پاکە، ئێرانیەکان تایبەتمەندی دەکەن بە شوێنی حەوانەوەی ژنان، بە واتایەکی تر شوێنێکی پارێزراوە و ڕێگەپێدراو نییە پیاوی نامەحرەم بچیتە ئەو شوێنە (شاردن، ١٣٧٥، ١٣١٠)، حەرەم لە زمانی عەربیشدا بە واتای پیرۆز و جێگەی ڕێز دێت، لەوەی دەبێت ژنان لە چاوی نامەحرەم بەدووربن، لە ماڵەوە دوور لە چاوی کەسی نامەحرەم لە بەشی دووەمی ماڵەوەیان، واتا، لە ژوورەکانی پشتەوە دادەنیشتن، بە تایبەتی خەڵکە دەوڵەمەند و بە ناوبانگەکان ماڵەکانیان دوو بەش بووە، بەشی دواوەی ماڵەوە حەرەمی پێدەوترا، کە هیچ کەس جگە لە مێرد و منداڵەکان بۆیان نەبوو بچنە ئەو شوێنە (غفاری فرد، ١٣٨٧، ٤٢)، زیاتر لە لای موسڵمانان و بە تایبەتی ئێرانیەکان بۆ شوێنی مانەوەی ژنان بەکاریاندەهێنا (مهرآبادی، ١٣٧٩، ١٥٠)، لە سەردەمی شا تەهماسبی یەکەم (١٥٢٤- ١٥٧٦) بە حەرەم دەوترا سەرا، لە حەرەمی ئەودا ژنان یان کچانی ئەمیر و سەردارانی وڵات هەبوون، یان شا ئەوانی کڕیبوو، یان وەک پێشکەشکردن هاتبوونە حەرەمەکە، بە گشتی ژنانی حەرمی شا تەهماسب گورجی و چەرکەسی بوون، لە سەردەمی شا عەباسی یەکەم (١٥٧١-١٦٢٩)، ڕێژەی ژنانی ئێرانی کەم بوو، زیاتر ژنی شازادەکان، یاخود کەنیزە گورجی و چەرکەسی و تەنانەت ڕوسیشی تێدابووە، کە نزیکە چوارسەد بۆ پێنج سەد کەس بوون، لە حەرەم سەرای شا سلێمانیشدا (١٦٦٦-١٦٩٤)، زیاتر لە هەشت سەد کەس دەژیان، بەڵام هەموو ئەمانە ژنی شا نەبوون، تەنیا ژنێکی یاسایی هەبووە، کە بە ژنە تایبەتەکەی ناسراوبوو، مەبەست ژنە (سوگولی) یان ژنە خۆشەویستەکەی شا، هەروەها زۆربەی شاکانی دیکەی سەفەوی، بە نموونە، شا سلێمان و شا عەباسی دووەم (١٦٤٢-١٦٦٦)، لە ڕفاندنی کچان و ژنان بۆ حەرەمەسەراکەیان ناوبانگیان هەبووە (غفاری فرد،١٣٨٧، ٤٤-٤٧).

لە ڕاستیدا حەرەمسەرا کۆشکێکە کە پاسەوانی تایبەتی هەبووە، وەک زیندانێک دەپارێزرا و ڕێگە بە کەس نەدەدرا، بچێتە ژوورەوە ( آزاد، ١٣٥٧، ٢٤٢؛ کمپفر،١٣٦٣، ٢٦)، ئەم پارێزگاریەش

لە لایەن خەسیوەکانەوە بووە، ئەوانەی کە خەسێندرابون، بە زۆری لە نێوان ڕەشپێستەکان و هیندییەکان هەڵدەبژێردران، کە لە تەمەنی منداڵی دەکڕدران و دەخەسێندران، بۆئەوەی بە سەربەستی لە ناو حەرەمدا هاتووچۆبکەن و لە خزمەت ژنانی حەرەمسەرادابن، ژن و ماڵ و منداڵیان نەبووە، تاوەکو بەو شتانە سەرقاڵبن، بۆیە کاریان خزمەتکردنی ژنانی حەرەم بووە (غفاری فرد، ١٣٨٧، ٥٠-٥١).

**٣- پۆلێنکردنی ژنانی حەرەمسەرا:**

ژنان لە چینەکانی تری ئەو دابەشکاریە کۆمەلایەتیە بوون، کە شوێنیان بە پێی پێگەی کۆمەلایەتی پیاوان لە زۆربەی کاروبارەکاندا دیاریکرابوو، بە شێوەیەکی گشتی زۆربەیان لە ژێر دەسەلاتی پیاواندا بوون، لە ئێرانی سەردەمی سەفەویدا، جگە لە پۆلێنکردنی ژنان لە ناو حەرەمسەرادا، بە گشتی بەسەر چەند چینێکدا دابەشبکرابوون، وەک: ( ئەو ژنانەی هاوسەرگیریان لەگەڵ چینی دەوڵەمەند کردبوو/ ئەو ژنانەی سەرقاڵی کاری هونەری و پیشەگەری دەستی و چالاکی پیشەگەری شاری بوون/ ژنانی دێهاتەکان، کە لە چوارچێوەی ژیانی عەشایەری دەژیان/ ئەو ژنانەی بە کاتی هاوسەرگیریان کردبوو/ ژنە خزمەتکارەکان/ ژنانی لەشفرۆش) (کشاورز، ١٣٩٦، ١٤٤-١٤٥).

**٣-١: ژنانی بنەماڵەی شا:** بریتیبوون لە کەسوکار و نزیکەکانی شا، وەک: (دایک، دایەگەورە، پور و کچەکانی... هتد)، کە لە کۆتایی ناوەکانیاندا نازناوی بیگەم[1] زیاددەکرا، ئەو ژنانەی بەهۆی تەمەن و نزیکیان لە شاوە لە پێشتربوون بەسەر ئەوانی تردا، بە ڕەهای بە بیگەم ناویان دەهات، زیاتر ئەو نازناوە تایبەت بەو کچانە بووە، کە لە حەرەمسەرادا لەدایک دەبون، یاخود ئەوانەی بە شازادە دەناسران (شجاع، ١٣٨٤، ٤٤)، لە نێوان ژنانی حەرەمسەراشدا پێگەی سەرەکی بۆ دایکی شا بووە، کە بە (نەواب عەلیە) ناسرابوو (سانسون، ١٣٤٦، ١١٩) جێگەی ڕێزی هەمووان بووە. لە هەمانکاتدا پێگەی سەرەکی لە ناو حەرەمسەرادا هەبووە، جا دەکرێت، ئەم ژنە چەرکەسی، گورجی، تورک بوويێت، هەرچەندە بابەتی دایکی شا لە شایەکەوە بۆ شایەکی تر تایبەتمەندی خۆی هەبووە (کمپفر،١٣٦٣، ٢٢٦؛ سانسون،١٣٤٦، ١٢٢).

**٣-٢: ژنانی مارەبڕی شەرعی شا:** دوای دایکی شا، ژنە دیاریکراوەکانی شا دەهاتن، ئەم ژنانە، بە پێی یاسای شەرع زۆرترین ژمارەیان چوار کەس بووە، بە زۆری لە ناو ئەو کچانەدا هەڵدەبژێردران، کە خزمایەتییەکی ڕێژەییان لەگەڵ شادا هەبووە، یاخود لە کاتی جێنشینی شادا، کاتێک شا لە تەمەنێکی بچوکدا بووە لێی مارەدەکرا و شا ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە هەڵبژاردنی ئەواندا نەبووە، بۆ نموونە، کاتێک شا عەباسی یەکەم، لە تەمەنی هەژدە ساڵی و لە ژێر چاودێری

(مورشید قولی خان ئوستاجلو) دابووە، لەگەڵ دوو لە کچە ئامۆزاکانیدا هاوسەرگیری کردوە، هەڵبەتە، ئەم شێوازەی هاوسەرگیری زۆر باو نەبووە، بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی سەردەمی سەفەویدا (شجاع، ١٣٨٤، ٤٤)، ژنانی ئەرمەنی، گورجی و چەرکەسی لە ژنە شاهانەییەکانی شا بوون (سانسون، ١٣٤٦، ١١٩؛ کمپفر، ١٣٦٣، ٣٦)، هەروەها ئەو ژنانەی لە شاوە نزیک بوون پێیاندەگوترا بیگەم، جگە لە ئەمانە پێیاندهگوترا خانم (شجاع، ١٣٨٤، ٤٥). ژنان و کچانی حەرەمسەرا سێ نازناویان هەبووە، ئەوانەی لە حەرەمسەرا لە دایک دەبوون، پێیاندەگوترا بیگەم، واتا، شازادە. خۆشەویستانی شا و ژنانێک، کە خەریکی ڕێکخستنی کاروباری حەرەمبوونە، بە خانم ناسرابون. هەروەها ئەوانەی لە چینی خوارەوە بوون پێیاندەگوترا خاتون. باقی ژنانی تریش پێیاندەگوترا خزمەتکار (شاردن، ١٣٧٥، ج٤، ١٣١٤).

**٣-٣: ژنانی سیغەیی:** ئەم ژنانە پێچەوانەی ژنە سەرەکیەکانی شا، ژمارەیان بێ سنوور بووە، بە ڕێگەی جیاوازەوە دەهاتنە ناو حەرەمسەرای شا (مهرآبادی،١٣٧٩، ٢٣٧)، واتا، هاوسەرگیری لەگەڵ ژنانی سیغەیی مارەبڕینی نەدەویست و شای وڵات، جگە لە ژنانی سەرەکی خۆی، چەند دانەیەکی لەو جۆرە ژنانە هەبووە (راوندی، ج٣، ١٣٥٧، ٧١٠). هەندێک جار سەرانی ویلایەتەکان بۆئەوەی ڕەزامەندی شا بەدەستبهێنن، کچە جوان و نزیکەکانی خۆیان دەبردە حەرەمسەرای شا. هەندێک جار خودی شا سەردانی حەرەمسەرای سەردار و پیاو ماقوڵان و ئەشراف زادەکانی دەکرد و پێشوازێکی گەرمیشی لێدەکرا، چونکە بەم هەنگاوە بوونی شایان لە حەرەمسەراکەیاندا بەخێر و بەرەکەت و خۆشبەختی خۆیان دەزانی. لە کاتی هاتنی شا بۆ حەرەمسەرای گەورە پیاوانی وڵات، ژنانی حەرەمسەرا ڕۆپۆشی دەموچاویان لادەبرد، وەک دابونەریت و ڕێزێک بۆ شا، ئەم کارەیان کردوە. هەر کاتێک شا کچێک یان ژنێکی بە دڵبووایە، ئەوا پێشکەشیاندەکرد، خاوەنی حەرەمسەراش پێشوازی لەو هەنگاوە کردوە، چونکە ئەمەی دەبەستەوە بە بەهێزی پەیوەندی پلە و پێگەی خۆی و مەبەستەکانی (شجاع، ١٣٨٤، ٤٥). ژنانی سیغەیی، دوای جیابونەوەیان لە هاوسەری یەکەم، تا دوای چل ڕۆژ، بۆیان نەبوو هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێکی تردا بکەن (راوندی، ج٣، ١٣٥٧، ٧١٠؛ مهرآبادی،١٣٧٩، ٢٣٧)، جۆرێکی تری هێنانی ژنانی سیغەیی بۆ حەرەمسەرای شا، لە ڕێگەی خەسیوەکانی حەرمسەراوە بووە، لە سەردەمی شا عەباسی یەکەم بەدواوە، ئەو خەسیوانە ئەرکیان ئەوبووە لە کۆڵانەکانی شاری جەلفا و شوێنەکانی تری وڵات بە دوای ژنان و کچانی جوان دەگەڕان بۆ حەرەمسەرای شا. هەندێک جار خودی شا، کچە ئەرمەنیەکانی شاری جەلفای دەڕفاند و دەیکردنە هاوسەری خۆی، دوای ئەوەی دەبوون بە هاوسەری سیغەیی شا، بە خاتوون و خانم بانگدەکران (شجاع، ١٣٨٤، ٤٥-٤٦).

**٣-٤: خزمەتکارەکان:** ئەوانە ئەرکیان ڕاپەڕاندنی کاروباری ماڵەوەی خاوەنەکانیان بووە، جگە لە تێرکردنی ئارەزوی سێکسی خاوەنەکانیان هاوبەشی ژیانی ئەوان بوون، بۆیە کاتێک شا مەبەستی بووایە خزمەتکارەکە بکاتە هاوسەری خۆی پێوستی بە ڕێورەسمی مەراسیمی هاوسەرگیری نەبووە. لە ئەگەری ئەوەی لە خاوەنەکانیان منداڵیان هەبووایە، بەهەمان شێوەی منداڵە شەرعیەکانی تر میراتیان بەردەکەوت (شجاع، ١٣٨٤، ٤٦)، واتا، دەبوونە خاوەنی ئابڕوو، هەروەها پاراستنی سەر و ماڵیان لە ئەستۆی ئەواندا بوو (شاردن، ج١، ١٣٧٥، ٤٣٧). ئەو جۆرە ژنانە لە کاتی لەشکر کێشەکانی شایەکانی سەفەوی بۆ سەر هەرێمی گورجستان، ژمارەیان ڕووی لە زیادبوون بووە، زیادبوونی ئەم ڕێژەیەش پەیوەندی بە چەند هۆکارێکی وەک، باج و فیدیهوە هەبووە، هەروەها لەژێر ناوی بارخانەی شا (خەزێنەی شا)وە بووە، هەموو ساڵێک لە کاتی یادی نەورۆز و بۆنەی دیکەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی گورجستانەوە نێردراونە دەرباری شایەکانی سەفەوی. ژمارەی خزمەتکارانی شا لە قۆناغی دووەمی دەسەڵاتدرای سەفەویدا، واتا، لە سەردەمی شا عەباسی دووەم بەولاوە لە زیادبووندا بووە، کە ئەم ژمارەیە لە سەردەمی شا تەهماسب (٤٠) کەس و لە سەردەمی شا عەباسی دووەمدا نزیکەی (٤٥) کەس بووە. ئەمە لە کاتێکدا سەرانی سوپاش کەمتر لە شا خاوەن خزمەتکار نەبوونە، بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتی سەفەویدا، دەبینین، هەم ژمارەیان زیادیکردوە، هەمیش پێگەیان گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە، دەکرێت هۆکاری ئەمەش بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری شازادەکان لەگەڵ خزمەتکارەکان بگێڕێتەوە، کە زۆرجار لە لایەن خودی شا، هەندێک جاریش لە لایەن خەسیوەکانەوە لەو جۆرە ژنانە بۆ هاوسەرگیری شازادەکان دیاریدەکران (شجاع، ١٣٨٤، ٤٧-٤٨). هەرچەند تەواوی ژنانی حەرەمسەرا نیشتەجێی حەرەم نەبوون، کە پێیانگوتراوە خزمەتکاری شا، بەڵکو توێژێکی دیکەی ژنانی تێدابووە وەک، کچانی گەورە پیاوانی وڵات، کە بە شانازییەوە لە هەوڵی خزمەتکاری ئەودابوونە، خودی خاوەن دەسەڵات و دەستڕۆیشتوەکانی وڵات شانازییان بەمەوە کردوە، کە کچەکەیان لە خزمەتی ئەودا بووە (کمپفر، ١٣٦٣، ٢٢٥- ٢٢٦).

**٣-٥: کەنیزەکی خۆشی و کات بەسەربردن:** ئەمانە لەشولارێکی ڕێک و جوانیان هەبووە، زیاتر لە دیلە گورجییەکان بوون (آزاد، ١٣٥٧، ٢٣٦)، کرێی تایبەتی ساڵانەی خۆیان هەبووە و لە ژێر چاودێری یەکێک لە دەربارییەکاندا ڕێورەسم و مەراسیمی خۆیان ئەنجامداوە، ناوی ئەو کەسە لە سەردەمی شا عەباسی یەکەمدا (ئاغا حەقی)یە، یەکێک لە پارێزەرانی شا کە خاوەنی ڕێکخستنی ڕێوڕەسمی ئاهەنگی سەما و کەیف و سەفای دانیشتنەکانی شا بووە، ئەرکی ئەو ژنانە سەرگەرمکردن و دڵخۆشکردنی شا بووە، زۆرجار ئارەزوی سێکسی میوانەکانشیان بەلای خۆدا

ڕادەکێشا، هەروەها لە کاتی ڕۆیشتنی شا لە شەقامەکاندا بۆ جوانترکردنی جوڵە و ڕۆیشتنی شا، لە پشت و پێش و ڕاست و چەپی کاروانی شاوە خەریکی نمایش و سەما و ئاواز وتن بوون، لە ئەرکەکانی تریان بەشداریکردن بووە لە کەمپەکانی جەنگ و هێنانەدی ئارەزوی سێکسی سەرانی سوپادا. جاری واش هەبوو، یەکێک لەوانە جێگەی ڕەزامەندی شا بووە، خۆی لە خزمەتکاری ئەودا بینیوەتەوە، بە تایبەتی ئەم جۆرەیان لە سەردەمی شا عەباسی یەکەمدا بە ڕوونی دیاربووە (شجاع، ١٣٨٤، ٥١؛ غفاری فرد، ١٣٨٧، ٥٥).

**٤- پەیوەندی و ململانێی ژنانی حەرەمسەرا:**

بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە ژنان لە شوێنیکی گشتی و هاوبەشدا، هەندێک جار دەبووە هۆی ئیرەیی و گرژی و ئاڵوزی و کێبرکێی نێوانیان، دابەشکاری ژنانی حەرەمسەراش هۆکاری ئەم کێبڕکیە بووە، ئەو ململانێیەش زیاتر لە نێوان شاژن و ژنە سوگولیەکانی شاوە دروست دەبوو، کە ئەمەش زۆر جار کوشتنی بە دوای خۆیدا هێناوە (شجاع،١٣٨٤، ٥٢)، هەندێک جاریش ژنان لە کاتی دەمەقاڵی لەگەڵ یەکتریدا ئەوپەڕی دژایەتی و سوکایەتی یەکتریانکردوە (شاردن، ج٢، ١٣٧٥، ٧٦٥).

ئەو جیاوازیەی لە ڕەچەڵەکی ژناندا هەبووە، لە هۆکارەکانی تری ئەو ململانێیەی ژنانی حەرەمسەرا بووە، چونکە هەمیشە ئەو هەوڵە لە ئارادابووە، کە ژنانی خانەدانی پاشایەتی لەوانی تر جیاواز نیشانبدرێن، جیاوازی نەژادی و نەتەوەییش لە تەنیشت پێگە و پایەیان هەمیشە مشتومڕی لەسەر بووە. دوای هاتنی ژنانی گورجی و چەرکەسی بۆ ناو حەرەمسەرا هەوڵیدا بۆ زیانگەیاندن بە قازلباشەکاندا، تاوەکو هەژموونی خۆیان لە دەرباری سەفەویدا زیادبکەن، ئەو قوڵبادانەی کە لە نێوان (سوڵتان زادە خانم) ژنە گورجیەکەی شا تەهماسب و (پەریخانم) خوشکی شا تەهماسب بۆ دیاریکردنی جێشنینی ئەودا ڕوویدا، لە یەکەمین نموونەی ئەو ململانێ و دوژمنایەتیەیە، کە لە نێوان قزلباشەکان و هێزی سێیەمدا لە چوارچێوەی حەرەمەسەردا بەدیارکەوتوە. هەروەها گرنگیدانی شا بەیەک یا چەند ژنێکی تایبەتی خۆی لە هۆکارەکانی دیکەی ئەو کێبرکیە بووە، بە شێوەیەکی ئاسایی ژنانی حەرەم بە چەندین شێواز هەوڵیانداوە سەرنجی شا بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، بۆئەوەی هەنگاوێک زیاتر لێی نزیک ببنەوە و خۆشەویستی ئەو بەدەستبهێنن، پەنایان بۆ فێڵ و تەڵەکەبازی بردوە، لەوانە بە گۆرانی گوتن و قسەی خۆش و خۆشیرینکردن، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی پاداشت وەربگرن و پێگەیان باشتر بێت (شجاع، ١٣٨٤، ٥٣).

پەیوەندیی ژنان لە حەرەمسەرادا بە شێوەیەک بووە، کە ئەو ژنانەی دەچونە حەرەمسەرا لەبارەی پەیوەندی سۆزداری و دڵداری شوێنەکە خاوەن چیرۆکی سەیر و سەمەرە بوون، هەمیشە ئیرەییان بە یەکتری بردوە، ئەمەش وایکردوە بەردەوام تۆمەتی هەڵبەستراو بدەنە پاڵ یەکتری، ئەو ژنانەشی زیاتر نزیک بوون یان جێگەیان لە دڵی شا کردبووەوە، بە تایبەتی ئەوانەی دەنگ و ڕەنگ و خاوەن لەشولارێکی جوان و هەوەسبازتر بوون. بەڵام ئەم جۆرە لە پەیوەندی نێوان ژنانی حەرەمسەرا و ئەم ڕەفتارانەشیان دەبووە هۆی تۆڕەبوونی شا و سزادانیان، تەنانەت هەندێک جار بۆ خۆدەربازکردن لەو سزایانە پەنایان بۆ سیحر و جادو بردوە (شاردن،ج٤، ١٣٧٥، ١٣٢١).

**٥- ژنان لە کایەی سیاسیدا:**

ژنانی سەفەوی لە کایە سیاسی و سەربازییەکاندا هاوشانی پیاوان بەشداری شەڕەکانیان کردوە و چەکیان لە شان بووە، هاوشانی پیاوان لە مەیدانی جەنگ ئامادەییان هەبووە، وەک ئەوەی لە شەڕی چاڵدیران بەشێک لە ژنانی سەفەوی لە مەیدانی جەنگ دژ بە عوسمانی لە شەردابوون، لاشەی هەندێک لەو ژنانە لە مەیدانی شەڕەکەدا دۆزراونەتەوە کە جل و کڵاوی سەربازییان لە دوا بە جێماوە. هەروەها هەندێک جار ژنان جگە لە چەک و بەشداریکردن لە شەڕەکان، لە پلەی فەرمانڕەوایی سوپا و لایەنی کارگێڕی کاروباری شەڕیشدا بەدیارکەوتوون، بۆ نموونە: (خەیرونیسا) خێزانی محەمەد شا (محەمەد میرزا خودا بەندە ١٥٧٨-١٥٨٨) و دایکی شا عەباسی یەکەم، کە ناوی مەهدیا عولیا مازندەرانی بوو، لە ساڵی ( ١٥٧٨)، کاتێک لەشکری عوسمانیەکان بە سەرکردایەتی (مستەفا پاشا) هێرشی کردۆتە سەر ئێران، دواتر گورجستان و شێروانی گرتوە. ئەو خاتونە فەرمانیکردوە، سوپاکە کۆبکاتەوە و لەگەڵ کوڕە گەورەکەی (هەمزە میرزا)ی جێنشین بۆ ڕێگری دوژمن بەرەو ئازەبایجان بەرێکەوتوون، لە ڕاستیدا لە (قەرباغ) وەستان و دواجار توانیان بەشێکی زۆر لە هەرێمی شێروان دوبارە بگەڕێنەوە سەر خاکی ئێران. هەر لە سەردەمی شا عەباسی یەکەمدا (زەینەب بیگەم) یەکێک لە کچەکانی شا تەهماسب، هانی شای داوە و پشتگیری لە گەورەترین جەنگەکانی لەگەڵ عوسمانیەکاندا کردوە، کاتێک شا ویستویەتی بەرەو شاری تەورێز بگەڕێتەوە، زەینەب بیگەم دەڵێت: "دەبێت لەگەڵیاندا بجەنگی و لە زۆری ژمارەی سوپای عوسمانی نەترسی، پێی گوت، کە باوباپیرانی ئێوە شا ئیسماعیلی و شا تەهماسبی یەکەم، ئاوا جەنگاون و ترسیان لە دوژمن نەبوو" (غفاری فرد، ١٣٨٧، ١٦- ٣٨).

جاری واش هەبووە، هەندێک لە ژنان بۆ گەیشتن بە مەرامە سیاسیەکانی خۆیان هەوڵی کوشتنی شایان داوە و بە مەبەستی سەرگرتنی پلانەکەیان پشتگیریان لە شایەکی تر کردوە. لە

سەردەمی شا عەباسی دووەمدا، لەم جۆرە هەوڵانە هەبووە، لەوەی زۆربەی ژنانی ناو حەرەمسەرا کاتی دەبینن شای وڵات گەیشتوەتە تەمەنێک زیاتر سەرقاڵی بەڕێوەبردنی وڵاتە و بە جۆرێک پشتی لەوان کردوە. ئەم جۆرە ژنانە دووچاری بێهیوایی بوونە لەو سیاسەتەی شا، بۆیە بە هەر هۆیەک بووە هەوڵی کوشتنیان داوە و چاوەڕێی هاتنەسەر دەسەڵاتی شایەکی لاوتریان کردوە، کە جگە لە ڕابواردن و بە سەر بردنی کاتێکی خۆش شتێکی دیکەی لە خەیاڵدا نەبێت و ئارەزوەکانی ئەوانیش بەدیبهێنێت، چونکە ئەوان نایانهەوێت شا زۆربەی کاتەکانی تەمەنی سەرقاڵی بەڕێوەبردنی دەوڵەتداری بێت، بەڵکو چاوەڕێی ئەوەن شا لەگەڵ خواستەکانی ئەواندا بێت، نەوەک ناچاربن لەگەڵ خواجەیەکی ڕەشپێست و دوو سێ نوکەری تر کاتبەسەربەرن، بۆیە لە حاڵی سەرنەگرتنی هەوڵەکەیان پەنایان بۆ هەوڵی لە کار لادانی شا بردوە، هەرچەندە جاری واش هەبووە ژنەکان ترسیان لەوە هەبووە کە لە ناو خۆیاندا سیخور هەبێت و پلانی کوشتنەکە بگاتەوە شا، دواتر نەتوانن دژ بە شا پیلانگیری بکەن، چونکە ئەگەر سەربەستی تەواویان پێدرابووایە دوور نەبوو پەنا بۆ ئەو کارەببەن (تاورنیە، ١٣٩٩، ٢١٠). جاری واش هەبووە، ژنانی دەربار، کە هاوسەری شازادەکانی کۆشک و حەرەمسەرای سەفەوی بوون، بە تایبەت ژنە گورجی، چەرکەسی یاخود تورکمانەکان لە پێناو گەیشتنی هاوسەریان بە دەسەڵات یاخود لە پێناو داهاتوی منداڵەکانیان بە هەموو شێوەیەک پشتگیری شازادەکەیان کردوە، بە نموونە، هاتنەسەر دەسەڵاتی شا ئیسماعیلی دووەم (١٥٧٦-١٥٧٧)، لە جێگەی شا تەهماسبی یەکەم، ئەنجامی ئەو هەوڵ و پیلانگیریە ژنان بووە (غفاری فرد، ١٣٨٧، ٢٤)، دوای مردنی شا تەهماسب، ئیسماعیل میرزا بە هاوکاری هۆزی ئەفشار و پەریخانی خوشکی گەیشتە دەسەڵات، بەڵام دوای ساڵێک لە فەرمانڕەوایی و تێکچوونی بارودۆخی ناوخۆیی و ڕەفتارە ناپەسەندەکانی شا ئیسماعیلی دووەم، پەریخان لێی بێهیوا بووە، دواتر لە لایەن قزڵباشەکانەوە کوژرا، ئەوە بوو، پەریخان برایەکەی تری بە ناوی (محەمەد میرزا خودا بەندە) کوڕەکەی تری شا تەهماسب، هێنایە سەر دەسەڵات، بەڵام زۆر بێدەسەڵات بووە و کەوتبووە ژێر فەرمانەکانی ژنەکەی بە ناوی (مەهد عولیا)، هەرچەند محەمەد میرزا، هەوڵیداوە، دۆخەکە بە ئاراستەی باشبوون ببات، بەڵام نەیتوانیوە. هەروەها مەهد عولیا دواتر دەستی هەبووە لە کوشتنی پەریخان، بۆیە لە کۆتایی لە لایەن گروپێک لە پێکهاتەی سەرانی هۆزەکانی سەفەوی بڕیاری کوشتنی مەهدی عولیایان داوە (راوندی، ج٢،١٣٥٤، ٣٩٥-٣٩٧).

هەروەها هەندێکی تر لە ژنان توانای بیرکرنەوەی باشیان هەبووە، تەنانەت لە لایەن پیاوان ڕاوێژیانپێکراوە، بە تایبەتی لە کاروباری دەوڵەتداریدا (حجازی،١٣٨١، ١٨١). هەندێک جاریش

ژنان ڕۆڵی نێوەندگیریان بینیوە و بەو کردەوەیان هەوڵیانداوە، ڕێگە لە خوێنڕشتن بگرن یان ڕێگەیان خۆشکردوە بۆ ئەوەی خواستی شا بەدەستبێنن، لەوانە: (مەهین بانو) ناسراو بە (سوڵتانم) کچی شا ئیسماعیلی یەکەم و خوشکی شا تەهماسبی یەکەم، شا تەهماسب پەیوەندی باشی لەگەڵدا هەبووە و ڕێزی لە تیبێنی و ڕێنمایەکانی وەرگرتوە، هەروەها شا تەهماسبی یەکەم، بۆ بەرژەوەندیی وڵات ڕاوێژی بە ژنان کردوە (زەینەب بیگەم) کچی شا تەهماسب و پوری شا عەباسی یەکەم، لە ڕاوێژکارانی سەرەکی شا عەباس بووە، لە لای ئەو جێگەی ڕێزیکی زۆر بووە، کاتێک (بەهزاد بەگ) وەزیری هەرێمی گەیلان، بانگیشتکراوە بۆ ئەوەی لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، (خواجە فەسیح لاهیجانی) بەرپرسیاریەتی دادگایکردنی تاوانبار (بەهزاد بەگ)ی لە ئەستۆگرتوە، بەڵام (بەهزاد بەگ) داوای لە شا عەباس کردوە، لە بەرانبەر سێ هەزار تمەن خواجە فەسیح تەسلیم بەو بکات و شاش بەمە ڕازی بووە، بەڵام کاتێک (زەینەب بیگەم) ئەو هەواڵەی بیستوە، لۆمەی شا عەباسی کردوە بۆ ئەم کارە هەڵەیەی کردویەتی (غفاری فرد، ١٣٨٧، ٣٤- ٣٧).

هەندێک جار ژنان بە شێوەی نافەرمی بەرپرسیاریەتی سیاسیان هەبووە، بۆ نموونە، لە سەردەمی شا عەباسی یەکەمدا لە ساڵی (١٥٩٧)، نێردەیەکی سەفەوی بە سەرۆکایەتی (قەرەخان) یان ناردوە بۆ دەرباری عوسمانی، کە هەندێک لە ژنانی تری دەرباری سەفەوی هاوشانی شاندەکەی قەرەخان ئامادەییان هەبووە، ئامانجی ئەوان گەڕاندنەوەی کچەکەی (حەیدەر میرزا) بووە بۆ ئێران، خانمە ئێرانیەکان دوای گەیشتنیان بە دەرباری عوسمانی و دوای کۆبونەوە لەگەڵ دایکی سوڵتان محمد، دیداریان هەبووە و توانیان ڕەزامەندی دەسەڵاتدارانی عوسمانی بۆ گەڕاندنەوەی شازادە خانم وەربگرن (غفاری فرد، ١٣٨٧، ٣٣).

**٦- پێگەی ژنان و کچانی سەفەوی لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا:**

زۆربەی دانیشتوانی ئیران لە بابەتی پرۆسەی هاوسەرگیریدا بە پێی دابونەریتی ئایینی و مەزهەبی خۆیان ئەم پرۆسەیان بە ئەنجام گەیاندوە (حجازی، ١٣٨١، ١٠٢). بەو پێیەی هاوسەرگیری گرنگترین ڕووداوە لە ژیانی ژنێک ڕوودەدا و گۆڕانکاری بەسەر ڕێرەوی ژیانیدا دینێت. جا ئەگەر بە خواستی خۆی بێت یا نا، دواجار گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەودا دروستدەکات، لە هەمان کاتدا، پێگەی ژن پەیوەستە بە شوێنی کۆمەڵایەتی، دابونەریت، شێوەی ژیان، پێگەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیەیەکەی (باقری،١٣٨٧، ٦٧-٢٤٦)، هەرچەندە کەشوهەوای ئێران بە هۆی ئەوەی گەرم و وشکبووە، ئەوەش کاریگەری بە سەر لایەنی سێکسی و تێکەڵاوبوونی ژن و پیاودا هەبووە. لەو بارەیەوە شاردن، لەبارەی ڕەوشتی ژنانی ئێران بە

شێوەیەکی گشتی لە دەرەوەی حەرەمسەرادا بەم شێوەیە وەسفیان دەکات و دەڵێت: "ژنان وا فێردەکرێن کە هەمیشە پارێزەری ڕەوشتیانبن و خەیاڵی تێکەڵاوبوون لەگەڵ پیاوان لە مێشکی خۆیان بینەدەری، واتا، بە شێوەیەک خۆیان داپۆشن کە لە دیدەی پیاوان بە دووربن" (شاردن، ١٣٧٥، ج٤، ١٣١٠- ١٣١٢).

لەبارەی پڕۆسەی هاوسەرگیری، دوای یەکتر ناسینی کوڕ و کچ، دایک و باوکی کوڕەکە دەچوونە خوازبێنی (غفاری فرد، ١٣٨٧، ٦٣)، یاخود بۆ هەمان مەبەست، گەورەکان هەڵدەستان بە دەستنیشانکردنی لایەنە باشەکانی کچەکە لە بابەتی پێگە و پایەی کچەکە و کەسوکارەکەی (شاردن، ج٢،١٣٧٥، ٣٥٠)، بەڵام، جاری واهەبووە، ئەگەر کوڕێک کچێکی بە دڵ بووایە، ئەوا چەند کەسێکی دەناردە خوازبێنی و تا ئەو کاتەی، کە باوکی کچەکە ڕەزامەند نەبووایە، خودی کوڕەکەش نەیدەتوانی کچەکە ببینێت، بەڵکو دوو یا سێ کەسی نزیکی دەچوون و لەگەڵ باوکی کچە دادەنیشتن (اولئاریوس،١٣٨٥، ٢٩٥). لەو سەردەمەدا لە تەمەنی بچوک و گەورەدا پڕۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدەدرا، لەوتەمەنشدا زیاتر کچانی کەم تەمەن ڕویان لە پڕۆسەی هاوسەرگیری کردوە، بە پێی دابونەریتی ئەوسای سەفەوی ئەم بابەتە زیاتر لە کچاندا باوبووە نەک کوڕەکان (حجازی، ١٣٨١، ٨٩- ٩١)، زۆر جاریش کچان دەکڕدرانەوە، واتا، ئەگەر هاتبووا پێشتر لە یەکێکی تر مارەکرابوونایە، هەروەها لە بەرانبەر تەلاقیشدا زاوا دەبووایە ئاوریشم و کاڵا بدابووایە ژنەکەی (غفاری فرد، ١٣٨٧، ٦٣). لە ڕۆژی مارەبڕیندا لە ژوورێک بە ئامادەبوونی زاوا و کەسوکاری هەر دوو لا و پیاوێکی ئایینی پڕۆسەکە ئەنجامدەدرا، دوای ڕەزامەندی هەر دوو لا کچەکە لە کوڕەکە مارە دەکرا (شاردن ج٢، ١٣٧٥، ٣٤٣؛ حجازی،١٣٨١، ١٠٢)، بۆ بابەتی ڕۆژی گواستنەوەش، جگە لە مانگی ڕەمەزان و عاشوار نەبێت، ڕۆژەکانی تر ئاسایی بوو، کە زەماوەندی تێدا ئەنجامبدرێت (غفاری فرد، ١٣٨٧، ٦٣).

سەبارەت بە بەشودانی تایبەتی کچانی شا، شاردن دەڵێت: "کاتێک تەمەنیان دەگەیشتە تەمەنی هاوسەرگیری، دایکی کچەکە ئامادەکاری تەواوی دەکرد بۆ ئەنجامدانی مەڕاسیمی بە شودانی کچەکەی، بۆ ئەمەش هێزی خۆی نیشانی شای وڵات دەدا، لە ڕوویەکی ترەوە پەیوەندیی خۆشەویستی نێوان ئەو و دایکی نیشاندەدا، بەڵام هاوسەرگیری کچانی شای وڵات، کاتێک ڕوویدەدا، کە لەخۆبایی و هەوەسبازی سێکسی کچەکە بەرەو کزی و لاوازی دەچوو، واتا، دەگەیشتە ڕادەی ئاسایی، بۆئەوەی لەگەڵ هاوسەری داهاتووی بە شێوەیەکی نەرمونیانتر و لەسەرخۆ هەڵسوکەوت بکات" ، هەر ئەو گەڕیدەیە ئاماژەی داوە کە: "حەرەمسەرای شای ئێران، دەستەیەکی لە جوانترین، نازدارترین و هەوەسبازترین کچانی ئێرانی لە خۆدەگرت، بۆ ئەم

مەبەستە بەرپرسانی ویلایەتەکان، جوانترین و پەسەندترین کچانیان دەهێنایە دەرباری شا، واتا، کچانی پاکیزە و شونەکردو، لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسی واش هەبووە، دوای دڵنیایی لە کچەکەی دەیبردە خزمەتی شا، بەم هەنگاوەش باوک و دایکی کچەکە زۆر دڵخوش دەبوون، کە کچەکەیان لە کۆشک و حەرەمسەرا و دەرباری شادان، بەمەش ئەمەیان بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانی" (شاردن،ج٤، ١٣٧٥، ١٣١٥- ١٣١٦). زۆر جار شاکانی وڵات، کچ و خوشکەکانی خۆیان لە کوڕی بەرپرس، وەزیر، پیاوانی ئایینی و کەسە دەسترۆیشتوەکانی وڵات مارەکردوە، ئامانجی زیاتریان لەو کارە بۆ ئەوە بووە، کە پێگە و پایەی خۆیانی پێ بەهێزتر بکەن. هەروەها زاواکانیشیان دەکردنە بەرپرسی بەشە گرنگەکانی بەڕێوەبردنی وڵات، لەوانە (خانش بیگەم) کچی شا ئیسماعیلی یەکەم، درایە (نعمە الله باقی کوڕی ئەمیر نیزامەدین)، (سەفیە سولتان) کچی شا ئیسماعیلی دووەم، درایە (خلیل الله کوڕی غیاسەدین)، شا عەباسیش شەش کچی هەبووە، لەوانە: (شازادە بیگەمی) داوەتە میرزا حوسێن ڕەزەوی و (زیبەندە)ی بۆتە خیزانی عیسا خان قورچی، سەبارەت بە چینەکانی تری وڵاتیش، ئەوا بە پێی پێگە و شوێنی خۆیان کچیان داوەتە یەکتری، لە هەمانکاتدا هاوسەرگیری سیاسیش هەبووە، بەڵام لەو ناوندەدا هاوسەرگیریەکانی ئەهلی زانست و قەڵەم، لە سەرکەوتوترین جۆری هاوسەرگیری بووە (حجازی، ١٣٨١، ١٢٩- ١٣٠)، جۆریکی تری هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کچانە بووە، کە لە ڕێگەی جەنگەکانەوە بە دیل دەگیران یاخود دەدزران یان ئەوەتا بازرگانیان پێدەکرا، دواتر وەک کەنیزە و خزمەتکارێک دەکەوتنە بەردەستی پیاوانی سەفەوی و وەک ژنی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن (دلریش، ١٣٧٥، ٢٦).

سەبارەت بەو ژنانەشی کە لە ناو حەرەمسەرادا دەبوونە خاوەن منداڵ، لە لایەن شاوە ڕێزیان لێدەگیرا و خزمەتی زیاتریان پێشکەشدەکرا، بەڵام هەندێک جار کچانی شوکردو ناچاردەکران منداڵەکانیان لەباربەرن. ئەمە جگە لەوەی هەندێک لەو ژنانە لای شا خۆشەویستر بوون، کاتێک یەکەمین منداڵی کوڕیان بۆ شا دەهێنایە دونیا، پلەوپایەیان لای شا بەرزتر دەبووەوە، کە ڕۆژێک بە ناوی دایکی شاوە بانگدەکران، بەڵام چارەنوسی هەندێک لەو ژنانەی جێگەی ڕەزامەندی شا نەبوون و هەر لە ناو حەرەمیشدا دەژیان ئەوا لەگەڵ منداڵەکانیان لە سوچێکی حەرەمسەرا بەشێوەیەکی هەمیشەیی نیشتەجێ دەبوون (شاردن، ١٣٧٥، ج٤، ١٣١٧).

**٧- جلوبەرگی ژنانی سەفەوی:**

جلوبەرگ، یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکی و دیارەکانی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکان و لە ئێرانی سەردەمی سەفەویش گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، جلوبەرگی ژنانی ئێرانی ئەو سەردەم لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەی جلوبەرگی پیاوان بوو، بە جیاوازییەکی کەمەوە، کەوا شەڵواریان لە

شەڵواری پیاوان تەنگتر و درێژتر بوو، هەروەها قوماشەکەی ئەستورتر بووە، لەگەڵ ئەوەی باڵتۆی ژنان لە باڵتۆی پیاوان درێژتر بووە و تا گوێزینگیان دەهات. هەروەها کەمەربەندیان لە هی پیاوان باریکتر بووە، بە گشتی ژنەکان سەری خۆیان بە قوماشێک کە بە سەر شان و گەردەن و سینگیان دەهاتە خواری دادەپۆشی، ئەو کاتەشی کە دەهاتنە دەرەوە، بە چادر یان عەبایەکی سپی خۆیان داپۆشیوە، بە جۆرێک کە تەنیا چاویان دیار بووە، (شاردن، ج٢، ١٣٧٥، ٨٠٦).

ژنانی سەفەوی چوار جۆر پۆشاکیان هەبووە، کە دووانی لە ماڵەوە سودی لێدەبینرا، دوانەکەی تریش لە کاتی دەرچوون بۆ دەرەوە بەکارهاتوە. یەکەم پۆشاکیان بریتیبووە لە لەچکێک، کە سەریانی بە تەواوەتی داپۆشیوە، پۆشاکی دووەم، چوارقەدی پێدەگوترا کە پۆشاکێکی سێگۆشە بووە، ناوەڕاستی لەچکەکە لە سەر سەریان دادەنا، لەگەڵ ناوەڕاستی دوو دامەنەکەش لە ژێر چەناگە بە جۆرێک گرێ دەدران کە سەر سینگیانی بە تەواوەتی دادەپۆشی. پۆشاکی سێیەم، هەمان چادرەکەیە، کە تەواوی لەشی دادەپۆشی. پۆشاکی چوارەمیش، لە شێوەی دەستماڵ بووە. کە دەموچاوی دادەپۆشی و لە ناوچەوان دەبەسترا، کە تەنیا بینینیان دیاربوو (غفاری فرد، ١٣٨٧، ٦٢؛ شاردن،ج٢، ١٣٧٥، ٨٠٦).

تێڕوانینی پیاوانی کۆمەڵگەی سەفەوی بۆ ژنەکانیان لە ڕووی جلوبەرگ و خۆداپۆشینیان بەم شێوەیە بووە، کە بەغیلیان بە ژنەکانیان هەبووە، ئەو کاتە ڕێگەیان بە ژنەکانیان دەدا بینە دەرەوە، کە تەواوی لاشەیان داپۆشراوبێت، واتا، ئارەزویان نەدەکرد ژنەکانیان بە نیمچە ڕووت یاخود بە جلوبەرگێک بینە دەرێ، کە ببنە مایەی سەرنجی پیاوان، بەڵام سەبارەت بە خێزانی شا و تێڕوانینی ئەوان بۆ پۆشینی جلوبەرگی ژنەکانیان ئەوە بووە ڕێگەیان پێداون بەبێ سەرپۆش بێنە دەرەوە، بەڵام، بەو مەرجەی لە چوارچێوەی یاسای قرق[٢] دا بووایە و جێبەجێکرابا (کمپفر، ١٣٦٣، ٥٨).

بە گشتی بەو پێیەی حکومەتی سەفەوی دەسەڵاتێکی ئایینی و مەعنەویی بووە، لەو ڕوانگەیەوە دۆخی ژیانی ژنان بەشێوەیەک بووە، کە لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبووە، بە تایبەتی لە ڕووی جلوبەرگ و شێوازی پۆشینەوە، دەبووایە خۆیان بەو شێوە داپۆشیبا، کە پیاواکەنیان دەیانویست (راوندی، ج٣، ١٣٥٧، ٧٠٢).

**٨- ئەرک و چالاکیەکانی ژنانی سەفەوی:**

ژنانی ئێرانی لە سەردەمی سەفەوی جیاوازی چینایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتییان ڕەنگدانەوەی بە سەر ئەرک و بەرپرسیارێتییان هەبووە، لە چوارچێوەی کار و چالاکیەکانی

پەیوەست بە کاروباری ماڵەوە و هەروەها  بە شێکشیان لە دەربار و حەرەمسەرای شادا چوست و چالاک بوون. لەم بارەیەوە شاردن پێی وایە: " ئێرانیەکان، بە لایەنی باش و خراپی ژیان، زەحمەت و ستەم و هەوراز و نشێوی کە لە ماوەی ژیاندا دووچاری بوونەوە، وا پێدەچێت فەلسەفیانە بڕواننە ئەو ژیانە، زۆر گوێیان لە باشی و خراپی داهاتوو نیە، نە لە خراپییەکەی دەترسن و نە لە باشیەکەی زۆر دڵخۆشن، لە خەرجکردن زۆر دەستبڵاونین، باوەڕیان بە قەزا و قەدەر هەیە، واتا، ئەوەی لە خواوە بێت "(شاردن، ج٢، ١٣٧٥، ٧٦٢). ژنان لە چالاکیەکانی وەک کاروباری ماڵەوە، چێشتلێنان، خاوێنکردنەوەی ماڵ، بەخێوکردنی منداڵ، چنین و دورینی جلوبەرگ توانای خۆیان نیشانداوە، هەڵبەتە، ژنانی چینی باڵا زۆر ئیشکەر نەبوون، لەگەڵ ئەوەی ژنانی جوتیار و هۆزەکان بەشێوەیەکی گشتی لە کاری کشتوکاڵ، بەخێوکردنی ئاژەڵ، بەرهەمهێنان، هەروەها چنینی فەرش و پارچەدا ڕۆڵیان هەبووە. لەبەرئەوە قسەکردن لە سەر ژن بەشێویەکی گشتی و لە چوارچێوەی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکاندا بە واتای ئەمڕۆ کارێکی ئاسان نیە (غفاری فرد،١٣٨٧، ٨).

بەشێک لە کچ و ژنان، هاوشانی پیاوان لە دەرباری شادا سەرقاڵی کارکردن بوون، هەندێک لەوانە لە پایەی میرئاخور، واتا، سەرپەرشتی شوێنی ڕاگرتنی ئەسپەکانیان کردوە و چەکیان هەڵگرتوە، دەستەیەکیش پارێزەر و پاسەوانی حەرەم بوون. هەروەها بەشێکی تریان خزمەتکار بوون، لەگەڵ ئەوەی کچان و ژنانێکیش هەبوون، کە تفەنگ بەدەست لە حەرەمسەرادا دەسووڕانەوە و پارێزگاریان لە سنووری حەرەم کردوە، دەستەیەکی تریش لە کچان وەک پیاوانی ئایینی ئەرکە ئایینیەکانیان فێری ژنانی حەرەم کردووا٥، لەگەڵ ئەوەی ژنانی تر هەبوون بۆ بەرەوپێشەوەبردنی ژیانیان خەریکی کاری بەرگدرو و پێڵاو دروستکردن، هەروەها ژنان و کچانێکی بە تەمەنیش دەبینران، کە سەرقاڵی کاری پزیشکی و دەرمان دروستکردن بوون (شاردن، ١٣٧٥، ج٤، ١٣١٤). بەشێکی تری ژنانیش لە ناو حەرم سەرقاڵی سەرگەرمی و فێربوونی کاری وەک ئەسپسواری، تیرهاویشتن، تیروکەوان، تفەنگ و ڕاو و ڕاکردن بە دوای ئاژەڵی کێوی و بەشێکی تریان سەرقاڵی وێنەکیشان، خەتخۆشی، ئاوازوتن، سەما و سازلێدان بوون، هەروەها هەندێکی تر خەریکی خوێندنەوەی بابەتی بیرکاری، ئەدەبیات، مێژوو، شیعر، کاری هونەری، ڕستنوچنینەوە سەرقاڵ بوون (غفاری فرد، ١٣٨٧ ،٥٢؛ کمپفر،١٣٦٣، ٢٢٦– ٢٢٧)، بەڵام بە نزیکی هەمویان لە سەرەتادا فێری وانەی ئایینی دەکران، وەک زانستی ئایینی و خوێندنەوەی قورئان و زۆرێک لەوانە توانیان پلەی باش ببڕن (آزاد، ١٣٥٧، ٢٤٢؛ حجازی، ١٣٨١، ٤٧). لەگەڵ ئەوەشدا ژنی واهەبووە، کە زرەنگ و توندوتوڵبووە، جگە لە کاری بەرگدوری، هەمیشە سفرە و خوانی

ئامادە و دەستڕەنگین بووە لە خزمەتکردنی ماڵ و منداڵ و هاوسەری (شاردن،١٣٧٥، ج٤، ١٣٢٤). بە گشتی ژنان بە ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانە، ژیانی خۆیان لە ناو حەرەمسەردا زامنتر کردوە، ئەمە هەموی لە کاتی تەمەنی گەنجیەتی دابووە، بۆ ئەوەی ڕۆژگارێکی خۆش و کاتێکی خۆش بەڕێبکەن (سانسون، ١٣٤٦، ١١٩). واتا، بە گشتی ژنانی حەرەمسەرا بێکار نەبوون، هەموو ئەو کار و چالاکیانەی باسمانکرد، ئەزمون و توانای باشی ئەوانی نیشانداوە. هەروەها لە ڕێگەی ئەو کارە هونەریانەوە، ویستوویانە ڕەزامەندی شا بە لای خۆیاندا ڕابکێشن، بە تایبەتی ئەوانەی لە ڕاوشکار توانای باشیان هەبووە، ئەوەشی توانای ئەنجامدانی هیچ کام لەم کارانەی نەبوایە، ئەوە بە دڵبەری و خۆ خۆشەویستکردن دەیویست دڵی شا بەدەستبێنێت (کمپفر، ١٣٦٣، ٢٢٦- ٢٢٧).

هەروەها لە سەردەمی شا عەباسی گەورەدا، ژنان و کچانی خاوەن پیشە و چینی خواروو بە گشتی لە شێوەی دەستە لە ناو شاردا دەجولانەوە و بە کۆ دەچوونە گەرماو و سەیران و سەیرکردنی یاری و چەند کارێکی تریش، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژنی واش هەبووە، نەچووتە دەرەوە و ئەو چالاکیانەی لە ماڵەوە ئەنجامداوە (مهرآبادی، ١٣٧٩، ٣٦٩).

هەندێک لە خێزانی شاکانی ئێرانی سەفەویش لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی خۆیاندا، کۆمەڵێک ئەرک و چالاکیان لە چوارچێوەی پڕۆژەی خزمەتگوزاریدا هەبووە، لەوانە: (زەینەب بیگەم) کچی شا تەهماسب و پوری شا عەباسی یەکەم، لە ماوەی ژیانی خۆیدا کۆمەڵێک ڕێگا، پرد، نەخۆشخانەی زۆر و کاروانسەرای دروستکردوە لەوانە، کاروانسەرا لە هەر دوو شاری قەزوین و ساوە. لەو هەنگاوانەیدا پارەیەکی باشی خەرجکردوە، بە نزیکەی (١٠٠) هەزار تمەنی ئەوکاتی خەمڵێنراوە، هەروەها دایکی شا سوڵتان حسین (١٦٩٤-١٧٢٢) یش، خوێندنگەیەکی لە چوارباغی ئەسفەهان دروستکردوە، هەروەها (مەهین بانو سوڵتانم) کچی شا ئیسماعیلی یەکەم، زڕخوشکی شا تەهماسب، خانەقا و کاروانسەرا و پردی زۆری دروستکردوە، (مەریەم بیگەم) کچی شا سەفی (١٦٢٩- ١٦٤٢)ش، لە ساڵی (١٧٠٣)، قوتابخانەیەکی دروستکردوە، هەروەها ژنانی دیکەی شا سەفیش، خوێندنگەیان بە ناوی بابوباپیرانیانەوە دروستکردوە (غفاری فرد، ١٣٨٧، ٥٤). هەروەها خانەقا، ئیمامزادە، گونبەز، کاروانسەرا، دەرمانخانە، گەرماو، کتێبخانە، بازار، گۆرستان و پارک، لەو شوێنانەن بە هاوکاری ژنان دروستکراون و بە ناوی خۆشیانەوە تومارکراون (حجازی، ١٣٧٦، ٢٣٢).

سەبارەت بە ژنانی کەنیزە و لەشفرۆش و سەماکەریش، وەک ئەوەی لە پێشتر ئاماژەمان پێداوە، بە گشتیش لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا کارو چالاکییان هەبووە، ئەوانە بوون کە بەرانبەر پارە ئەو کارەیان کردووە، تەنانەت لە شاری ئەسفەهان پایتەختی ئەوسای سەفەوی بۆ ماوەی

ساڵێک لە بەرانبەر (٤ بۆ٥) کاتژمێری ڕۆژانە و پێدانی پێنج سەد تمەن، بۆ ماوەی ساڵێک بە شێوەی سیغە لەگەڵ خاوەنەکەی دادەبوو، لەگەڵ ئەوەی جلوبەرگ و پۆشاکیشیان بۆ دابیندەکرا، بۆ نموونە، لە سەردەمی شا عەباسی دووەمدا، بازاریان گەرموگۆر بووە، بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەو کارەیانکردوە (غفاری فرد، ١٣٨٧ ، ٥٥). لە خودی شاری ئەسفەهان، بە تایبەتی لە شاری جەلفا، کوچە و کۆڵانی تایبەت و تەنانەت کاروانسەرایەکیش بە ناوی (کاروانسەرای کەنیزە و لەشفرۆشەکان) هەبووە، کە ڕێژەیەکی زۆر لە ژنان و کچانی لەشفرۆشی تێدابووە، بەرانبەر بە بڕێک پارە، کە ئەو کات نزیکەی (١٢) تمەن دەبوو، ئەو کارەیاندەکرد (آزاد، ١٣٥٧، ٢٣٦)، هەندێک جار ژنی لەشفرۆش، بۆ ماوەی کاتژمێرێک، شەوێک، ڕۆژێک، هەفتە یان مانگێک بە شێوەی کاتی مارەدەکرا، جاری واش هەبووە بەشێوەی یاسایی دەبووە ژنی ئەو پیاوە (شاردن، ج١، ١٣٧٥، ٤٣٧)، ئەو جۆرە ژنانە لە کاتی چوون بۆ شوێنی لەشفرۆشی شێوەی جلوبەرگیان لە شێوەی جلوبەرگی ئافرەتانی داپۆشراودابووە، تا دەگەیشتنە شوێنی مەبەستی خۆیان (حجازی،١٣٨١، ١٦٢؛ شاردن،ج٢، ٣٢٧). دەبووایە، ئەم ژنانە، جگە لە جوانیەکەیان لە ڕاکێشانی سەرنجی پیاوان لێزان و شارەزا بوونایە (اولئاریوس، ١٣٨٥، ٢٩٣).

هەروەها فێرکردن و فێربوون، تا ڕادەیەک گۆڕانکاری بەسەر ژیانی ژناندا هێناوە و ڕێگەی بۆیان ڕۆشنکردوە. هەرچەندە وەک پیاوان نەیانتوانی سوود لە دەرفەتەکان وەربگرن، بە تایبەتی لە بابەتی پەروەردە و فێرکردندا، بەڵام هەرکاتێک بواریان بۆ ڕەخسابا سودیان لێی وەرگرتوە (باقری،١٣٨٧، ٢٤٨). هەروەها ژنان لەگەڵ ئەوەی ئەرکی پەروەردەکردن و ڕاپەراندنی کاروباری کارگێریماڵەوەیان لەسەر شانبووە، لە هەمانکاتدا ڕۆڵێکی بەرچاویشیان گێراوە لە کۆمەڵگەدا و هاوشانی پیاوان لە زۆر شوێندا خەباتیانکردوە و جێ پەنجەیان دیاربووە (نقبائی،١٣٣٥. ١٦) هەرچەند ژنان لەو سەردەمەدا بە هۆی سنوورە کلتوریەکانەوە هەلومەرجی گونجاویان کەمتر بۆ ڕەخساوە و زۆربەیان لە ژێر فەرمانی پیاواندا بوون (کشاورز،١٣٩٦، ١٤٥)، هەر ئەمەش وایکردبوو، کە سنورداربوونی ژیان و سەختییەکانی ژیانی ژنانی ئێرانی بە بەراورد وڵاتانی تر زیاتر بێت (شاردن، ١٣٧٥، ج٤، ١٣١٠).

لەگەڵ ئەوەی ژنانی ئێرانی لە کاروباردا چالاکبوون، لە زۆربواریشدا بە پێی پێگەی خۆیان ڕۆڵیان هەبووە. بەڵام دەبینین بەشێک لە پیاوانی ئێرانی لەسەر ئەو ڕایە کۆکن، کە ژنەکانیان تەنیا بۆ ئەویندارى و ڕابواردن و منداڵبوون و بەخێوکردنی منداڵ گونجاوترن، زۆربەیان بۆ گرنگیدان بە پەروەردەی فکری و هونەری هەوڵنادەن، دەڵێن، ژنان لەوە زیاتریان ناوێ، جگە لەوەی دەبێت ماڵداری بکەن، واتا، بۆ کاروباری تر نابن، زۆربەی کاتەکانیان بە تەمبەڵی و

تێپەڕاندنی کات بەسەربردوە، هەروەها زۆربەی کات لە لایەن کچە خزمەتکارە کەم ساڵەکانەوە (شێلان– مەساج) یان بۆ دەکرا، یان ئەوەتا خەریکی تیلیاک و جگەرەکیشان بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە، بەشێکی تری ژنانیش ئەرک و چالاکی باشیان پێشکەش بە کۆمەڵگەی سەفەوی کردوە (شاردن،ج٤، ١٣٧٥، ١٣٢٤؛ راوندی، ج٣، ١٣٥٧، ٧٠٩). هەروەها پیاوانی ئێرانی، ژنانەکانیان سنووردارکردوە، بەوەی ڕێگەیان پێنەدەدرا بچنە مزگەوت و زۆر بەکەمیش ڕێگەیان پێدەدرا بچنە میوانی و سەردانی خزمەکانی خۆشیان. واتا، زیاتر وەک زیندانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، تەنانەت بۆ هاتەنەدەرەوەش بە ناچاری خۆیان دادەپۆشی، بەڵام بە پێچەوانەوە، دەوڵەمەندەکان ژنانەکانیان بە کەژاوەی وشتر و ئەسپەوە گەڕان و هاتووچۆیان پێدەکرا (اولئاریوس، ١٣٨٥، ٢٩٩).

**ئەنجام:**

١. بە درێژایی مێژوو لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، سیاسەت و لایەنی کۆمەڵایەتی هەر وڵاتێک ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بەسەر شێواز و مامەڵەکردنی چینەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هەبووە، ئەگەر چی شێوازی ڕەفتاری هەر دامەزراوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ پرسەکانی کۆمەڵگە و تەنانەت خەڵکی ئەو کۆمەڵگەیەش جیاوازی هەیە، بەڵام ژنان وەک پێکهێنەری سەرەکی، هەمیشە لە مێژووی ئێراندا دیار بوون و بەها و پێگەی ژنایەتیان دیاریکراوە، بۆیە لەگەڵ هاتنی دەسەڵاتی سەفەویشدا، پرسی ژنان و چۆنیەتی بەشداریکردنیان لە بوارە جیاوازەکانی کایەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوریدا ڕەنگدانەوەی جیاوازی بە خۆیەوە بینیوە.

٢. بەشداری ژنان لە کایەی سیاسی لە کۆمەڵگەی سەفەویدا دیارە، هەرچەندە ڕۆڵێکی ئەوتۆ بە ژنان نەدراوە، کە خۆیان دەرخەن. بەڵام بەشێکی ژنان توانیویانە بەشداری کایەی سیاسی و لایەنی سەربازی بکەن و جێ پەنجەی خۆیان لە سەرخستنی ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی سەفەوی نیشانبدەن.

٣. ژنان لە سەردەمی سەفەویدا پێگە و شێوازی ژیانیان پەیوەست بووە بە تایبەتمەندی شێوازی ژیانی هاوسەرەکانیان، زیاتر ئەرکی ڕاپەڕاندنی کاروباری ماڵەوە و پەروەردەکردنی منداڵیان لە ئەستۆ بووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بابەتی هاوسەرگیری و شێوازی جلوبەرگ و ئەرک و چالاکیەکانیشان پەیوەستکرابوون بە دابونەریتی کۆمەڵگەکەیانەوە. لە هەمانکاتدا پەیوەندیەکانیشان لە ناو حەرەمسەرادا ڕەنگدانەوەی هەڵسوکەوت و تێڕوانینی ژنانەیان سەبارەت بە شێوازی ژیانی تایبەتی و گشتی خۆیان هەبووە.

٤. **پەراویز:**

١. بیگەم، لە بنەڕەتدا وشەیەکی تورکییە، کە بە واتای خاتوون دێت. ئەم ناوە نەک تەنیا بۆ ژنانی شا، کە بە پێی دابونەریت و پێشکەشکردن دراون بە شا، بەڵکو کچان و خوشک و پورەکانی شاش دەگرێتەوە. ژنانی خانەوادەی پاشایەتی، ئەوانەی لە کۆشک دەژیان و ژمارەیەکی زۆربوون، کە بەو ناوە بانگدەکران، گرنگترین ئەو خاتونانەی بە هۆی تەمەن یان خۆشەویستی بۆ شا یاخود نزیکیان لە شاوە لە پێشتر بوونە بە سەر ئەوانی دیکەدا، بە بیگەم بانگدەکران و لەگەڵ ناوەکەیدا بیگەمی بۆ زیاددەکرا وەک: مەریەم بیگەم، زەینەب بیگەم... (مهرآبادی، ١٣٧٩، ١٤٩).

٢. یاسای قرق: وشەیەکی تورکی عوسمانیە، کە لە سەردەمی شاکانی سەفەوی و بە تایبەتی لە سەردەمی شا عەباسدا پەیڕەوی لێکراوە، کە بە واتا بەرفراوانەکەی ئەوە دەگەینێت، هەر شتێک لە دیدی گشتی ڕێگە پێدراو نەبێت. واتا، کاتێک خێزان و ژنەکەکانی شا لە دەرەوەی حەرەمەسەرابوون، دەبووایە تەواوی نێرەکان لە تەمەنی حەوتساڵی تا پیر و پەکەوتەکانیش نابێت لە شەقامدا بن، بۆئەوەی سەیری خێزانەکانیان نەکەن (کمپفر،١٣٦٣، ٥٨؛ راوندی، ج٣، ١٣٥٧، ٧٠٢).

**لیستی سەرچاوەکان:**

**گەشتنامە (سەفەرنامەکان):**


١- اولئاریوس، آدام، (١٣٨٥)، سفرنامه آدام اولئاریوس (ایران عصر صفوی از نگاه یک آلمانی)، ت: احمد بهپور، نشر ابتکار  نو، تهران.

٢- شارلی، برادران، (١٣٦٢)، سفرنامەی برادران شارلی، ت: آوانس، به کوشش: علی دهباشی، چاپ اول، انتشارات نگاه، تهران.

٣- تاورنیه، (١٣٩٩)، سفرنامه تاورنیه، ت: حمید ارباب شیرانی، اتنشارات نیلوفر، چاپ چهارم، تهران.

٤- رایس، کلارا کولیور، (١٣٨٣)، زنان ایرانی و راه و رسم زندگی آنان، ت: اسد الله آزاد، نشر کتابدار، چاپ اول، تهران.

٥- سانسون، (١٣٤٦)، سفرنامه سانسون، وضع کشور شاهنشاهی ایران در زمان شاه سلیمان صفوی، ت: تقی تفضلی، نتشارات ابن سینا، تهران.

٦- شاردن، (١٣٧٥)، سیاحتنامەی شاردن، ت: اقبال یغمایی، جلد یکم، انتشارات توس، تهران.

٧- .........................، سیاحتنامەی شاردن، ت: اقبال یغمایی، جلد دوم، انتشارات توس، تهران.

٨- .........................، سیاحتنامەی شاردن، ت: اقبال یغمایی، جلد چهارم، انتشارات توس، تهران.

٩- کمپفر، (١٣٦٣)، سفرنامه کمپفر، ت: کیکاووس جهانداری، انتشارات خوارزمی، چاپ سوم، تهران.

**کتێبی فارسی:**

١٠- آزاد، حسن، (١٣٥٧)، پشت پردەهای حرمسرا، چاپ اول، انتشارات انزلی، ارومیه.

١١- باقری، نرگس، (١٣٨٧)، زنان در داستان، قهرمانان زن در داستانهای زنان داستان نویس ایران، انتشارات مروارید، چاپ اول، تهران.

١٢- حجازی، بنفشه، (١٣٧٦)، به زیر مقنعه (بررسی جایگاه زن ایرانی از قرن اول هجری تا عصر صفوی)، ، چاپ اول، نشر علمی، تهران.

١٣- حجازی، بنفشه، (١٣٨١)، ضعیفه بررسی جایگاه زن ایرانی در عصر صفوی، ، انتشارات قصیده سرا، چای اول، تهران.

١٤- حجازی، قدسیه، (١٣٥٧)، ارزش زن یا زن از نظر قضائی و اجتماعی، ایرانشهر.

١٥- دلریش، بشرا، (١٣٧٥)، زن در دوره قاجار، انتشارات حوزه هنری، چاپ اول، تهران.

١٦- شجاع، عبدالمجید، (١٣٨٤)، زن، سیاست و حرمسرا در عصر صفویه، انتشارات امید مهر، سبزوار.

١٧- شهلا لاهیجی و مهرانگیزکار، (١٣٧٧)، شناخت هویت زن ایرانی در گستره پیش تاریخ و تاریخ، انتشارات روشنگران و مطالعات زنان، چاپ دوم، تهران.

١٨- عالم آرای صفوی، (١٣٥٠)، به کوشش: یدالله شکری، انتشارات بنیاد و فرهنگ ایران، چاپخانه داور پناه، تهران.

١٩- غفاری فرد، عباسقلی، (١٣٨٧)، زن در تاریخ نگاری صفویه، انتشارات امیر کبیر، چاپ دوم، تهران.

٢٠- مرتضی راوندی، (١٣٥٤)، تاریخ اجتماعی ایران، جلد دوم، انتشارات امیرکبیر، تهران.

٢١- .........................، (١٣٥٧)، تاریخ اجتماعی ایران، جلد سوم، چاپ سوم، انتشارات امیرکبیر، تهران.

٢٢- مهرآبادی، میترا، (١٣٧٩)، زن ایرانی به روایت تاریخ نویسان فرهنگی، نشر روزگار، چاپ اول، تهران.

٢٣- نصيرى، محمد ابراهيم بن زين العابدين، (١٣٧٣)، دستور شهرياران (سالهاى ١١٠٥ تا ١١١٠ هـ .ق پادشاهى شاه سلطان حسين صفوى)، به كوشش: محمد نادر نصيرى مقدم، تهران.

٢٤- نقبائى، حسام، (١٣٣٥)، سير تكامل حقوق زنان در تاريخ و شرايع، چاپخانه بديع، چاپ دوم،تهران.

**گۆڤاری فارسی:**

٢٥- سادات كشاورز، زهرا، (١٣٩٦)، تبيين و تحليل نقش طبقات اجتماعى در فرآيند تمدنى دولت صفويه،فصلنامه علمى- پژوهشى تاريخ اسلام و ايران دانشگاه الزهرا، سال بيست و هفتم، شماره (٣٤)، تابستان.

## دور ومكانة المرأة الصفوية في المصادر الفارسية

**الملخص**

تناقش هذه الدراسة دور ومكانة المرأة في العصر الصفوي، كما تُبرز موقع المرأة ودرجتها في مختلف المجالات. ومن الجدير بالذكر أن المرأة في الفترة الصفوية كانت خاضعة لسلطة الرجل كما في الفترات السابقة، وأحيانًا شاركت في المجالات السياسية والإدارية بأمرٍ منهم. ومع ذلك، لم تُعامل المرأة في المجتمع الإيراني الصفوي بشكل لائق، ولم تحظَ بالعناية اللازمة. فقد كان استخدامها في الشؤون السياسية ومهام الدولة قليلًا، بينما كانت تُكلّف غالبًا بالأعمال المنزلية وتربية الأطفال والعلاقات الاجتماعية، سواء في العصر الصفوي أو في العصور السابقة. وبعد ذلك، أصبح يُنظر إلى المرأة الإيرانية على أنها أسيرة وربّة منزل أكثر من كونها امرأة نشطة، مستقلة ومُجاز لها بالمشاركة، مما أدى إلى محدودية تطورها. بشكل عام، كانت النساء في المجتمع الصفوي مقسمات إلى طبقات اجتماعية مختلفة مثل: نساء الملوك، أفراد الأسر الملكية، الخادمات، العاهرات والراقصات، نساء القبائل المالكات وغيرهن. بالإضافة إلى الحياة العامة للنساء، كان لهنّ أدوار وأنشطة خاصة داخل "الحرملك" مثل خدمة الحرملك، وخدمة الملك والقصر الملكي، وقضاء أوقاتهن وتسليتهن داخل الحرملك. كما أن مكانتهن في الزواج، ولباسهن، وعلاقاتهن، وصراعاتهن داخل الحرملك تعكس أبرز مهامهن وأنشطتهن خلال الفترة الصفوية بشكل عام.

الكلمات المفتاحية (المرأة، الحرملک، الصفويون، المجتمع)